السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەرکەسێک خەوت ونەیتوانی بەشی شەوانەی بخوێنێت، ئەگەر بە نێوان نوێژی بەیانی ونوێژی نیوەڕۆ بیخوێنێت؛ بۆی دەنووسرێت وەکو ئەوە وایە لە شەودا خوێندبێتیەوە

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک خەوت ونەیتوانی بەشی شەوانەی بخوێنێت (لە قورئان)، ئەگەر لە نێوان نوێژی بەیانی ونوێژی نیوەڕۆ بیخوێنێت؛ بۆی دەنووسرێت وەکو ئەوە وایە لە شەودا خوێندبێتیەوە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

حیزب واتا بەشێک لە شتێک، ولەوانەش حیزبەکانی قورئان، ئەگەر مرۆڤ بەشێک شەونوێژی ئەنجامدەدا لە شەودا؛ بەڵام جارێک یان چەند جارێک خەوت وبۆی نەکرا هەموو شەونوێژەکە یان بەشێکی ئەنجامبدات، وئەگەر قەزای بکاتەوە لە ماوەی نێوان نوێژی بەیانی ونوێژی نیوەڕۆ؛ ئەوا وەکو ئەوە وایە لە شەودا ئەنجامی دابێت، بەڵام ئەگەر لە شەودا نوێژی ویتری ئەنجامدا ئەوا لە ڕۆژدا نابێت نوێژی ویتر دووبارە بکاتەوە، بەڵام دەیکات بە دوو ڕکات؛ واتا ڕکاتێکی بۆ زیاد دەکات، ئەگەر نوێژی ویتری بە سێ ڕکات ئەنجامدەدا ئەوا با بە چوار ڕکات قەزای بکاتەوە، وبەو شێوەیە بە ژمارەی جووت ڕکاتەکان ئەنجامبدات ئەگەر لە شەودا نوێژی ویتر کردبووە، وبەڵگەش بۆ ئەمە فەرموودەکەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بخەوتایە یان ئازارێکی هەبووایە لە شەودا؛ لە ڕۆژدا دوانزە ڕکاتی ئەنجامدەدا، وپێویستە مرۆڤ ئاگادار بێت ماوەی قەزا کردنەوەی شەونوێژی لە پاش دەرچوونی خۆرە بە نزیکەی سێبەری ڕمێک (کە دەکاتە بە نزیکەی ماوەی نێوان دە بۆ پانزە خولەک پاش دەرچوونی خۆر) هەتاوەکو نزیک ماوەی زەوال (دە بۆ پازدە خولەک پێش ماوەی کاتی نوێژی نیوەڕۆ).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5443

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee